# پرۆژەیەکی دوو ساڵی
# لەمەڕ توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستان



لە پێناوی توندوتۆڵکردنی زیاتری هەوڵەکان بۆ رووبەروبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و گەیشتن بە رێگاچارەیەك لەم رووەوە... ئەمڕۆ 2008/11/6 لە دیوانی وەزارەت بەرێز دکتۆر شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە خاتوو (روبن یاکر) راوێژکاری لیژنەی فریاگوزاری نێودەوڵەتی ئەمریکی کرد.

لەدەستپێکی دیدارەکەدا کە خاتوو (تاڤگە عومەر رەشید) بەرێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوو.. وەزیری مافی مرۆڤ بە وردی باسی لە کارەکانی وەزارەت کرد، لەمەڕ رووبەرووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئاماژەشی بەم هەولانەدا کە لەرێگای وەزارەتەوە بەبەردەوامی ئەنجام دەدرێ و باسیشی لەوەکرد کە لەسەر پێشنیاری وەزارەت کۆمیتەیەکی تایبەت لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی

وەزیران پێکهات زیاتر ئەو وەزارەتانەی گرتەوە کە تایبەتمەندن بەم کێشەیە و لە ئەنجامی کۆبوونەوەکاندا و بەرزکردنەوەی راپۆرتەکان دیسانەوە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاردرا وەزارەتی ناوخۆ بەرێوەبەرایەتی تایبەت بە توندوتیژی دژی ژنان لە شارەکانی هەرێم بکاتەوە و ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا بایەخدانێکی گرنگە بەم رەوشە و تا ئێستاکە کۆمەڵێ کاری یاسایی دەرهەق بەمانە کراوە کە دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی ئەم کردەوانە، دوای ئەم هەنگاوەش بۆ هەمان مەبەست بۆردی پارێزگاکان دروستکرا بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە.

لەبەرامبەردا خاتوو (روبن یاکر) هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی لەکارکردن لەسەر بەگژداچوونەوەی دیاردەی توندوتیژی بەرزنرخاند و بەهەنگاوێکی گرنگ و فەریدی وەسفکرد و راشیگەیاند کە ئەوان سەردانی ژمارەیەك وڵاتیان کردووە بۆ تێگەیشتن و کارکردنیان لەسەر ئەم رەوشە هیچیان بەقەد حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە کاری تەواویان نەکردووە...

پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە دروستبووە بە ئاوڕدانەوەیەکی بە پێز و خەمخۆرییەکی مەزنی بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەکان باسکرد...

هەر لەدرێژەی دیدارەکەشدا راوێژکاری لێژنەی فریاگوزاری نێودەوڵەتی کە لێژنەیەکە کار لەسەر توندوتیژی دژی ژنان و راگواستن و کارەساتەکان دەکات، دەیانەوێ پرۆژەیەکی دووساڵی 2009-2010 لەسەر ئەم رەوشە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن.

لەگەڵ پێخۆشحاڵبوونی وەزیری مافی مرۆڤ بۆ ئەم کارەیان راشیگەیاند کە وەزارەت بە هەموو دام و دەزگاکانیەوە یارمەتی ئەم لێژنەیە دەدات، چونکە ئەمە بەشێکە لەبەرنامەیەکی گرنگی وەزارەت...

شایانی باسە ئەم دیدارە سەعاتێکی خایاند.